# نیهیلیزم

(بەشی یەکەم)

موراد فەرهادپوور
و: وەلید عومەر

نیهیلیزم چەمکێکە کە جیا لە دەلالەتە فەلسەفییەکانی و ئاڵۆزییە تیۆرییەکانی، لە ئەزموونی ڕۆژانە و تایبەتیی کەسەکانیشدا مانای خۆی هەیە. بە دەربڕینێکی سادە، وەک ئەوەی کە نیچەش باسیدەکات، دەتوانین نیهیلیزم وەک بێبەهابوونی بەهاکان پێناسەیبکەین. تا ڕادەیەک هەمووکەس (تەنانەت گەر زاراوەی نیهیلیزمیشیان بەر گوێ نەکەوتبێت) هێشتا هەر بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان ڕووبەڕووی ئەزموونی بێمانایی و لەقبوونی سیستەمی بەهاکان دەبنەوە. جیلەکانی پێشوو، هەمیشە باسی ئەوە دەکەن کە بەهاکان و دابونەریتەکانی ڕابردوو تیاچوونە، کە چۆنچۆنی شتە (بەهادار)ـەکانی ڕابردوو لەدەستچوون و مانای خۆیانیان لەدەستداوە و ئەخلاق نەماوە و گەنجان بێشەرم و حەیا بوونە...لەڕاستیدا هەر جیلێک لە بەرامبەر جیلەکانی دوای خۆیدا و لە بەرامبەر دۆخی هەنوکەیی بەهاکاندا هەستێکی لەم جۆرەی هەیە. یان بەو جۆرەی کە "زۆپانچیچ" ئاماژەی بۆ دەکات، لە بنەڕەتدا ئەوە خەسڵەتی بەهاکان خۆیەتی کە دووچاری قەیران دەبنەوە.

تاکبوونەوەی تاکەکان، ساردبوونەوەی پەیوەندییەکان، دەستتێوەردانی هێزە ئەبستراکتەکانی وەک دەوڵەت و سەرمایە لە ژیانی تایبەتیی کەسەکاندا، درزی نێوان نەوەکان، لەدەستچوونی بەهاکان و دابونەریتی قەدیمی، هەموویان نمونەی نیهیلیزمن بە مانای فراوانی وشەکە، بۆیە بەم شێوەیە سەروکارمان لەگەڵ چەمکێکی پەتی و ئەبستراکتدایە کە پێویستە بۆ بەخشینی دیوێکی بەرجەستە و کۆنکرێتیی زیاتر،

باسوخواسە مێژوویی و فەلسەفییەکانی تایبەت بە نیهیلیزم بخەینەڕوو. ویستی هێز، ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق (نیچە)، کورترین سێبەر (زۆپانچیچ)، نیچە و فەلسەفە (دۆلۆز)، لەو دەقانەن کە لەم دانیشتانەدا دەچینەسەریان و لەوێوە باسەکەمان سەبارەت بە نیهیلیزم درێژ دەکەینەوە .

گرنگترین خاڵ کە دەبێت سەبارەت بە نیهیلیزم باسبکرێت، ئەوەیە کە بێبەهابوونی بەهاکان، و بێمانایی و لەدەستدان یەکێکن لە دوو دیوەکەی نیهیلیزم. دیوەکەی تریشی بریتییە لە جۆرە تەقینەوە و زۆربوونێکی شتە لەدەستچووەکان. سەردەمێک کە دووچاری بێمانایی و لەدەستچوونی بەهاکان بووەتەوە، سەردەمی تەقینەوەی مانا و بەها جۆراوجۆرەکانیشە. ئەم تەقینەوەیەی ستایلە جیاوازەکانی ژیان، کەلتورە جۆراوجۆرەکان، کەڵەکەبوونی مانا، یان ئەوەی لە ژێر ناونیشانی پۆستمۆدێرنە و فرەیی کەلتوریدا دەیناسین، ڕووەکەی تری ئەم لەدەستدانە نیهیلیستییەیە.

ڕێژەگەرایی، کە تا ڕادەیەک بۆتە ئینتیما و بەریانی زاڵی سەردەمی ئێمە، ڕوونکەرەوەی هەمان دۆخی نیهیلیستییە کە تیایدا هیچ سیستەمێکی بەهایی و هیچ کەلتور و نەریتێکی تایبەت ناتوانێت خۆی بخاتە چوارچێوەیەکی ڕەق و پتەووە. پێکدادانی کەلتورەکان و سیستەمە بەهاییە جیاوازەکان، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویتر(the other)دا، سستی و لەقیی سیستەمە بەهاییەکانمان ئاشکرادەکات، سیستەمێکی (وەک کڵێسا) کە پێشتر هەموو شتێکی دیاری دەکرد و بەها و بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکانی لە ناوەوە ڕێکدەخست، ئێستا دەسەڵاتی خۆی لەدەستداوە.

مرۆڤ بەئاسانی گومان لە هەر سیستەمێکی بەهایی دەکات کە سیستەماتیک و ڕێکخراو بێت، بەئەستەمیش دەتوانێت بەیەقینەوە بەرگری لە نەریتێکی تایبەت بکات و خۆی بۆ پرۆژەیەکی هەمەکی (کلی) تەرخان بکات. ئەم چالاکیە نیهیلیستییەش تەنیا یەک دیوی دۆخەکەیە، لە لایەکی ترەوە، فەندەمێنتاڵیزم بە هەموو شێوەکانیەوە، وەکو کاردانەوەیەکی پێچەوانە لەبەرامبەر نیهیلیزمدا سەردەردێنێت. تیرۆریستێک کە لە لەندەن خۆی دەتەقێنێتەوە، خۆی لەدایکبووی ئینگلیزە و دەرچووی دەزگاکانی هەمان وڵاتە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

کێشەی کەمینەکان، کۆچبەران و پەنابەران، لە پێگەیەکی تردا، کەلتور و سیستەمی بەهایی ئەوان بۆخۆی دەبێتە گرفتێک. وەک بڵێی لیبراڵیزم، بە پێشوازیکردن لەوی تر و شێوازی ژیانی جیاوازی، بەرەو تۆلێرانس(پێکەوەهەڵکردن) بانگماندەکات، وەک ئەوەی کە ناچارین بەرگەی جیاوازییەکان بگرین و پێشوازیی لێبکەین. بەڵام ئەوەی لە کردەوەدا دەیبینین، دیاردەیەکی سەرتاپا جیاوازە، ئەم تۆلێرانسە تا ئەو جێیە دەتوانێت بەردەوام بێت کە ئەویتر پێ لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕانەکێشێت، کە زۆر نەبێتە هاوشێوەی ئێمە. ئەو ئەویترەی کە لیبراڵیزم مەبەستێتی، ئەوێکی تری خەساو و پوچەڵکراوەیە و هەڵسوکەوتی تا ئەو جێیە جێی سەرنجە کە لە ئاستی دیاردەیەکی گەشتیاری و

تۆریستیدا بمێنێتەوە. هەروەکو سەما و مۆسیقای باوی هۆزە ئەفریقییەکان کە لەبەر شێوازی نائاشنا و سەیروسەمەرەی دەبێتە دیمەنێکی (سەرنجڕاکێش)ـی کەلتوری. ئەم تۆلێرانسە کەلتورییە و ئەم ستایشەی جیاوازییەکان، بە هیچ شێوەیەک هاومانا نیە لەگەڵ قبوڵکردنی سیستەمێکی بەهایی و مانایی تردا. درزی نێوان کەلتورەکان و سیستەمە بەهاییە جیاوازەکان، وەکو خۆیەتی و گرژی درووستدەکات.

بەتەنیشت ئەم فرەکەلتوری و ڕێژەگەراییەوە، لە لایەکی ترەوە، هەوڵێکمان دەبینی بۆ دەستگەیشتن بە بەها گەردوونی و هەمەکییەکاندا کە بڕیار بوو کۆتایی بە کارەساتە مرۆییەکان بێنێت. دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای جەنگە جیهانییەکان بۆ خۆی نمونەیەک بوو بۆ ئەم جۆرە هەوڵە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و کۆدەنگی. بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوو بە ڕێکخراوی دەوڵەتەکان و ئەو لۆژیکەی کە پەیڕەویدەکات لۆژیکی هێزە. چۆنیەتیی تەفسیرکردنی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و بڕیاردان دەربارەی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی خاڵەکانی، لە وڵاتاندا خۆی بووە بە گرفت. ئەنجامدانی دانیشتنی گەورە گەورەی جیهانی لەسەر بابەتگەلی وەک قەیرانەکانی ژینگە، ڕێک بە پوچەڵکردنەوەی ڕێککەوتنە پێشوەختەکان کۆتاییدێت (بۆ نمونە دانیشتنی کیوتۆ لە دانیمارک بێننە بەرچاوتان). هەموو ئەمانە گوزارشتن لەوەی کە کێشەی نیهیلیزم نەک تەنیا بەچارەنەکراوی دەمێنێتەوە بەڵکو تەنانەت ناتوانرێت بەدرووستی پۆلێنبەندی بکرێت و بیری لێ بکرێتەوە.

نیچە، نیهیلیزم بە شێوەیەکی ناونشین لە خودی نەریتی مەسیحیەتەوە دێنێتەدەرەوە و بە ئەنجامی ناچارەکیی ئەخلاقی مەسیحیی دەداتەقەڵەم. ئارەزووی مەسیحیەت بۆ دەستگەیشتن بە حەقیقەت، ئەویش بەبێ هیچ جۆرە تێبینی و وردکاری و سازشێک، بەهاکان و سیستەمی مانایی خۆی ئاوەژوودەکاتەوە. ئایدیاڵی زوهدی مەسیحیەت( ascetic ideal) ئەو شتەیە کە تەور لە ڕیشەی هەموو شتێک و تەنانەت ڕیشەی ژێر مەسیحیەتیش دەدات و بە نیهیلیزم کۆتاییدێت. بەم جۆرە، بڵندبوونەوە( sublimation)، شکست و سڕینەوەی بڵندبوونەوە لەگەڵ خۆیدا دێنێت. هەرچەند نیچە لێرەدا بە شێوەیەکی تایبەت، باس لە سیستەمی بەهایی ئەورووپی دەکات، بەڵام لە ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق[1]دا بیرماندەخاتەوە کە ئەم داڕووخان و داوەشانە، چارەنووسی حەتمیی هەموو جۆرە سیستەمێکی بەهاییە.

سەرهەڵدانی پرۆتیستانیزم، تەجەلابوونی هەمان سەرڕاستیی مەسیحییەتە کە ڕیشەکەی لە درز و دوالیزمی نێوان پرسی ئۆبێکتیف(بابەتی) و پرسی سوبێکتیف(خودی)دایە، واتە مەسیحیەت وەکو دەزگا (کڵێسا و کاتۆلیسیزم/ئۆبێکتیف) و مەسیحیەت وەکو ئیمانی فەردی (سوبێکتیف). بۆ نمونە حەکایەتەکەی پاپا و ئازاردانی سێکسی منداڵان لەلایەن قەشەکانەوە بهێننە پێشچاوی خۆتان. دیزە بەدەرخۆنەکردنی تاوانی قەشەکان لە پێناوی

[1]. On the **Genealogy** of Morality

**پاراستنی ئابڕووی کاتۆلیسیزم و دەزگای کڵێسا لەلایەن پاپاوە، بە هیچ جۆرێک قابیلی قبوڵ نیە. ئەوەی دواجار لە مەسیحیەت دەمێنێتەوە، یان ئێسقانێکی بێ گۆشتە (دەزگایەکی ڕووت)، یاخود گۆشتێکی بێ ئێسقانە (سەرڕاستی ئیلحادی، ئیمانی فەردی، یان نیهیلیزمی پاسیف).**

**بەم جۆرە (وەک ئەوەی کە زۆپانچیچ-یش جەختی لێدەکاتەوە)، نیهیلیزم لای نیچە، دەرخەری شتێکە زیاد لە تیاچوونی ڕووت یاخود ناردووستیی بەهاکانە، لەڕاستیدا ئەو شتەی کە ڕووبەڕووی بووینەتەوە، تیاچوونی هێز یان میکانیزمێکە کە بتوانێت بەهای نوێ بخولقێنێتەوە.**

**بەخشینی ناوەڕۆک بە چەمکی نیهیلیزم،بەستراوەتەوە بە تێگەیشتنیەوە وەك گوتەزایەکی مێژوویی و ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکەی بە مۆدێرنەوە. ئەو دوالیزم و دژیەکە ناوەکییەی کە باسمانکرد، خەسڵەتی خودی مۆدێرنەشە. دەتوانرێت مۆدێرنە بە هەردوو مانای وشەی**critical **ڕوونبکرێتەوە.** Critical **لە مانایەکدا وەکو چەمکی قەیران و لە مانایەکی تریشدا وەکو چەمکی ڕەخنە** criticism **بەکاردەهێنرێت. ڕەخنەیەک کە کۆی شتە ڕەق و پتەوەکان دەخاتە کێشەوە و، هیچ پایە و پێگەیەکی پتەو جێ ناهێڵێت و بەم شێوەیە بە قەیران کۆتاییدێت. دیالەکتیکی دوولایەنەی بنیاتنەر و ڕووخێنەر، تا ئەو جێیە دەڕواتەپێش کە مرۆڤ وا تێدەگات کە ڕەخنەی بنیاتنەر هەر هەمان ڕەخنەی ڕووخێنەرە، بە دەربڕینێکی تر ناتوانرێت مۆدێرنە کورتبکرێتەوە بۆ هەر یەکێک لە بنیاتنان و ڕووخان. بەڵکو کەوتووینەتە بەرامبەر دیالەکتیکی نێوان ئەم دووانەوە، بە جۆرێک کە هەر بنیاتنانێک هەڵگری جۆرە وێرانکردن و ڕووخانێکە و هەر ڕووخان و وێرانکردنێکیش بەتەنیا کورتنابێتەوە بۆ دیوێکی نەرێنی و نێگەتیف. لەڕاستیدا هەر جۆرە هەڵوێستگیرییەک دەبێت خۆی یەکلابکاتەوە لەگەڵ ئەم بەیەکداچوونەوەی بنیاتنان و ڕووخاندندا. ئەو بورجانەی کە یەک لە دوای یەک لە تاران(و شوێنەکانی تری جیهان)دا قوتدەبنەوە، بەتەنیا نیشانەی بنیاتنان و پێشکەوتن نین، بەڵکو بۆ زۆرێک، بەتایبەت ئەوانەی کە ئەزموونی ژیانی چەند دەیەیەکیان لە تاراندا هەیە، لە ناوەوە بە مانای ڕووخاندنی زۆر باخ و بینای کۆنیش دێت. لەبنەڕەتدا ژیانکردن لە تاراندا، بەئاشکرا مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەم پرۆسە بێ کۆتاییەی وێرانکردن و بنیاتنانەوە دەکاتەوە. تێگەیشتن لە نیهیلیزم، پێویستی بە دەستنیشانکردنی پەیوەندیی نێوان ئەم دووانەوە هەیە. درککردنی نیهیلیزم وەکو جۆرە نەخۆشییەک یان نیشانەی نەخۆشییەک، دیوە بنیاتنەرەکەیمان لێ دووردەخاتەوە. هۆسرێڵ باسی قەیرانی زانستە ئەورووپییەکان دەکات، قەیرانێک کە بنەما زانستییەکانی ئەورووپای لەقکردووە و ئێستا ئەرکی ئەورووپییە باشەکان ئەوەیە کە کۆتایی بەم قەیرانە بێنن. گەرچی هۆسرێل بەباشی بوونی ئەم قەیرانە دەستنیشاندەکات بەڵام ئەوە لە زانستەکاندا سنورداردەکات و دیوە بنیاتنەرەکەی لەبەرچاوناگرێت. هۆسرێڵ نیهیلیزم بە نیشانەیەکی نەخۆشی دەزانێت کە یەخەی**

ئەورووپای گرتووە، بێئاگا لەوەی کە نیهیلیزم وەکو لۆژیکێک یان ڕژێمێک یان ستراکتۆرێک کاری خۆی دەکات و ناتوانرێت کورتبکرێتەوە بۆ نیشانەیەک(ـی نەخۆشی). هایدگەریش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نیهیلیزم بە تەنیا جۆرە جیهانبینییەک (Weltanschauung)نیە کە لە ماوەیەکی تایبەتدا ڕوویدابێت. هەرچەندە هایدگەریش نیچە لە چوارچێوەی کێشە فەلسەفییەکاندا سنورداردەکات، چونکە مەبەستێتی کە وەکو دوایین میتافیزیسیەن وێنەی بکێشێت، لای هایدگەر، نیهیلیزمی نیچە زیاد لەوەی مەسەلەیەکی مێژوویی بێت، گوتەزایەکی ئۆنتۆلۆژییە کە لە ئەنجامی بیرچوونەوەی پرسیاری "بوون"ـەوە ڕوویداوە.

گەر بمانەوێت، پەیوەندیی نیهیلیزم بە ژیانەوە شێوازبەندی بکەین، ئەوا دەبێت بڵێین کە نیهیلیزم هاوڕێیە لەگەڵ دەرخەری جۆرە لەدەستدان و زیادەیەکدا لە ژیاندا(واتە نیهیلیزم لەگەڵ هەبوونی زیادە و پاشماوە و ونکردنێککدا درێژدەبێتەوە بە ناوەوەی ژیان خۆیدا-و). لەڕاستیدا پێویستە لە سەرێکەوە لەگەڵ نیهیلیزمدا بژین و هەڵبکەین و لە سەرێکی تریشەوە بەسەریدا سەربکەوین، ئەم سەرکەوتنە هەمیشە پێویستی بە جۆرێک لە زیادەڕۆیی هەیە. مرۆڤ بەردەوام لە نێوان نائومێدیی ئەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی ئەم لەدەستدانەوە درووستدەبێت و ئەو کردە زیادەڕۆیانەشدا کە دەیکات پەلەقاژێ دەکات. هەردەڵێی ژیانی نیهیلیستی لەلایەکەوە پێویستی بە سڕکەر و ئارامکەرەوەیە تا بتوانێت بەرگەی لێشاوی نیشانەکان و وێنە و مانا زۆرەکان بگرێت، و بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان مەودایەک لەگەڵ جیهاندا وەربگرێت، و هێزی ژیان ڕام بکات و، لەلایەکی تریشەوە پێویستی بە دەرمانی دەروونی و بزوێنەرە تا بتوانرێت ئەو زیادەیە بۆ سەر ژیان زیادبکات، وەک بڵێی ژیانکردن و چێژبینین هەمیشە پێویستی بە جۆرە زیادڕۆیشتن و تێپەڕینێک هەیە بە سنورەکانی واقیعدا و، بەدەستهێنانی ئەزموونێکی زیادەڕۆ و بەدەر لە سنوری ئاسایی ژیانە. زۆپانچیچ ئاماژە بە تێکهەڵکێشکردنی زاناکس (ئارامکەرەوە) و ئالکول (بزوێنەر/وروژێنەر) دەکات وەکو دوو ڕەگەزی جیانەبووەوەی ئەم ژیانە.

دەتوانین نمونەیەک بۆ ئەمە لە دراما بازاڕییەکانی ڕۆژئاوادا ببینینەوە سەبارەت بە خوێنمژەکان. خوێنمژەکانیش خاوەنی جۆرە زیادەیەکی ژیان و هێزێکی باڵاترن، بەڵام هاوکات ئازار دەبینن بە دەست لەدەستدان و کەمییەکی ڕیشەییەوە، ئەوەی کە ئەوان ڕۆحیان نیە و بە دەربڕینێکی ترundead ن. مانەوە و نەمرییان بە مانای چێژوەرگرتنی بێ ڕادەی ئەوان نیە لە ژیان، بەڵکو هەر لە پێشەوە جەوهەری ژیانیان لێ زەوت کراوە. وەک بڵێی خوێنمژەکان نوێنەری خووە نیهیلیستییەکەی مرۆڤی مۆدێرنن، ناتوانین بە سادەیی بڵێین مرۆڤی مۆدێرن زیندووە، بەڵکو بە تەواوی نەمردووە[٢].

---

[٢]. دەتوانین (undead) بە نەمردوو یان نا-مردوو وەرگێڕین. پێدەچێت (نا-مردوو) دەقیقتر بێت. چونکە لە (نەمردوو) جیایدەکاتەوە کە ئاماژەیە بۆ دۆخی نەمردنی بوونەوەرێک و مانەوەی لە ژیلندا؛ بەڵام لێرەدا نامردوو،

گەر بمانەوێت ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی زاراوەکانی ویست و ئیرادەدا فۆرمولەبەندی بکەین، ئەوا دەبێت بڵێین کە مرۆڤ لەلایەکەوە ڕووبەڕووی جۆرێک لە (ئیرادەنەکردن/نەویستن)-نیهیلیزمی پاسیف- دەبێتەوە و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ (ئیرادەکردن/ویستنی هیچ)-نیهیلیزمی ئەکتیف-دا ڕووبەڕوودەبێتەوە. بەهەرحاڵ، وادەردەکەوێت کە مرۆڤ لەنێوان ئەم دوو ئیرادەکردنەدا "هیچ" هەڵدەبژێرێت، واتە هەمان کردەی زیادەڕۆ، هەمان ویستنی شتێکی زیاتر و تێپەڕین و زیادڕۆیشتن بە سنورەکاندا.

نیهیلیزم چەمکێک نیە کە بتوانرێت گشتێک و کۆیەکی پۆزەتیڤی پێ ببەخشیت، تەنانەت لە دەقەکانی خوی نیچەشدا، وەکو فەیلەسوفێک کە لەبنەڕەتدا تیۆریزەکردنی نیهیلیزمی دەدەنەپاڵ، ناتوانین تیۆرێکی یەکانگیر بدۆزینەوە سەبارەت بە نیهیلیزم. دیسان ناتوانرێت ئەمەش بگەڕێنرێتەوە بۆ ستایلی نوسینی پەرشوبڵاوی نیچە، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە سرووشتی خودی چەمکی نیهیلیزم خۆیەوە. لەڕاستیدا نیهیلیزم گوزارشتە لە دابڕانێک، کە گەرچی بە جۆرێکی تایبەت پەیوەستە بە مۆدێرنەوە، بەڵام بە دیوێکی تردا هەموو مێژوو دەگرێتەوە. ئەویش بەو مانایەی کە دەرخەری ئەو خاڵە جیاکار و ئاوارتەیەیە (ئیستیسنا) کە واقیع درووستدەکات. مارکس و فرۆید و نیچە، هەریەکەیان شوێنپێی جۆرە بۆشایی و گرژی و دابڕانێک لە دونیای مۆدێرندا هەڵدەگرن و، دوای درز و چاڵ و بۆشایی ناو مێژوو دەکەون.

ئەوەی لە ڕەخنەی ئابوریی سیاسیی مارکس دەمێنێتەوە، نە جۆرێکە لە جەبری ئابوری و نە تیۆرێکیشە سەبارەت بە سەلماندنی توانای سۆسیالیزم، بەڵکو (بە جۆرێکی ڕەخنەیی) قەیرانێکە کە لە زاتی خۆیدا بەستراوە بە ئابوریی سەرمایەدارییەوە. سەبارەت بە فرۆیدیش، چەمکی نەست دەرخەری درزی بونیاتنەری سوبێکتە، ئەو بەشەی سوبێکت کە هەرگیز ڕاستەوخۆ ناتوانرێت بڕەمزێنرێت(بێتە ناو ڕەمزاندنەوە).

ئەو بەشەی تیۆرەکانی مارکس و فرۆید کە بیەوێت شێوەیەکی هەمەکی بگرێتە خۆی، ئەوا یەکسەر خۆی دەبێتە ئایدۆلۆژیا. ئەوەی لە ڕەخنەی مارکس و فرۆید دەمێنێتەوە تیۆرێکی سەروومێژوویی نیە، بەڵکو بریتییە لە هەمان درز و بۆشایی. هەمان مەسەلە سەبارەت بە نیهیلیزمیش لای نیچە بوونی هەیە، ناتوانین نیهیلیزم بە تیۆرێکی هەمەکی و سەرووماێژوویی بزانین بە مانای پۆزەتیڤی وشەکە، بەڵکو لە شێوەی جۆرە خاڵێکی خەمهێنەر و تاریکدایە لە واقیعدا، جۆرێک لە دابڕان. بە هەمان شێوە کە ئایدیای قەیرانیش بەرهەڵستیدەکات لەوەی کە ببێتە ئایدۆلۆژیای ماتریاڵیزمی مێژوویی، ئایدیای

گوزارشتە لە دۆخی بوونەوەرێک کە نەمردووە، بەڵام بەتەواوییش ناژی. زیادەیەکی ترسناکی پێوەیە و ڕەهەندێکی دەعبایی پێدەبەخشێت. ئەم دەربڕینە لای کۆمەڵێک بیریاری چەپ بۆ زۆر دۆخ بەکارهاتووە - و

نەستیش بەرهەڵستی دەکات لە بەرامبەر ئەوەدا کە ببێتە ئایدۆلۆژیا لە شێوەی دەزگا زاڵەکانی دەروونشیکاریدا.
بە تێگەیشتنێکی لەم جۆرە لە چەمکی نیهیلیزم لای نیچە، دەتوانین مەودایەک درووستبکەین لە ڕەخنەکەی هایدگەردا بۆ سەر نیچە. هایدگەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە نیچەش هێشتا گیرۆدەی نیگایەکی ئۆنتۆلۆژییانە و تیۆلۆژییانەیە بەرامبەر بە فەلسەفە. بە دیدی هایدگەر، ***ویستی هێز*** هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە بوونەوەران و، گەڕانەوەی هەمیشەیی(eternal recurrence)ش ئاشکراکەری بوونە لە فەلسەفەی نیچەدا. بەڵام وادەردەکەوێت کە نیچە بەپێچەوانەی هایدگەرەوە، لەجیاتیی ئەوەی کە مێژوو بە ئۆنتۆلۆژی بکات، ئۆنتۆلۆژیا بەمێژوویی‌دەکات. ئەوەشی کە هایدگەر ناوی دەنێت Metaphysics of Destruction و دەیداتە پاڵ خۆی، بە شێوەیەکی زۆر بەرچاوتر و زەقتر سەبارت بە نیچە ڕاست دەردەچێت. چونکە نیچە لەجیاتیی خستنەڕووی چەمکێک لەژێر ناونیشانی بووندا کە وەکو داپۆشەرێک هەموو شتێک داپۆشێت، دێت و ڕووکارە جیاوازەکانی مێژوو و ئەخلاق و فەلسەفە و ژیانی ڕۆژئاوایی دەخاتە بەر ڕەخنە و زۆر لە هایدگەر زیاتر دەرگیرە لەگەڵ ڕەخنەکردنی کۆنکرێتانەی واقیعدا، مەسەلەیەک کە لە ڕەخنەی نیچەدا بۆ سەر یەکێک لە گەورەترین مۆسیقارەکانی سەردەمی خۆیدا بە جوانی دەردەکەوێت، واتە ڤاگنەر.
نیچە لەژێر دوو ناونیشاندا باس لە نیهیلیزم دەکات: یەکیان ئەخلاقی مەسیحیەتە (ئەوەی کە نیهیلیزم خۆی درێژبووەوەی خودی ئەخلاقی مەسیحیەتە، ئەوەی کە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم سازشکاری و خۆفریودانی تاکی مەسیحیدا). دیدگایەکی تریش هەیە کە نیهیلیزم لەگەڵ ئەپیستمۆلۆژیا و چەمکی عەقڵدا دەخوێنێتەوە. لە دیدی نیچەوە، چەمکە میتافیزیکییەکان لە شێوەی پەیوەندیی ئێمە بە واقیعەوە پڕبوونەتەوە و کاتێک ئەم چەمکانە دەهێنرێنە دەرەوە و دەبنە جێی تێڕامان، ئیدی خودی ئەم واقیعەش هەڵدەوەشێتەوە. چەمکە میتافیزیکییەکانی وەک یەکێتی، حەقیقەت، ئامانجداریی سرووشت و هتد، لەو چەمکانەن کە مرۆڤ خۆی ئاخنیویەتیە واقیع و کاتێک دەکەونە بەر تێڕامان و کێشەیان تێدەکەوێت، ئیدی ئەو دونیایە لێکدەترازێت کە بەرهەمی ئەو چەمکانەیە. ئەم لێکترازانە، لە ئەنجامی هۆشیاربوونەوە بەرامبەر بە درووستبوونی واقیع، بە نیهیلیزم کۆتاییدێت. لەڕاستیدا سەردەرهێنانی نیهیلیزم، بە جۆرێکی ناوەکی ڕوودەدات و نیشانەیەکی نەخۆشی نیە لە "دەرەوە"وە دژی عەقڵ و مانا بەسەرماندا سەپێنرابێت و بەهاکانمانی وێران کردبێت.
ئێستا دەتوانین بە پێی وتارەکەی تایلۆر دەربارەی نیچە چەند ئایدیایەک بخەینەڕوو. سەرەتا ئەوەی کە لە ژێر ناونیشانی میتافیزیکدا لێی تێدەگەین، دەسەڵاتی سوبێکتیڤیزم و زەینگەرایییە بەسەر سرووشت و واقیعدا. سوبێکت، تێڕوانین و چەمکەکانی ناوەوەی خۆی بەسەر بابەت و ئۆبێکتەکانی دەرەوەدا زاڵدەکات. لەپشتی هەر میتافیزیکێکەوە (تەنانەت

میتافیزیکی ئۆبێکتگەرای زانستییش)، جۆرێک لە سوبێکتیڤیزم خۆی شاردووەتەوە (واتە جۆرێک لە ئامادەیی سوبێکت بوونی هەیە و ئۆبێکت نابێتە سەنتەری سەداسەد-و). لەسەر ئەم بنەمایەیە کە نیچە پێیوایە سوبێکت پێویستی بە چەمکی جەوهەرە نەک بەپێچەوانەوە. سوبێکت جۆرە جەوهەرێک دەداتە پاڵ هەر ئۆبێکتێک، بەڵام ئەوە خودی چەمکی سوبێکتە کە بوونی جۆرە جەوهەرێک دەسەپێنێت بە سەر ئۆبێکتەکاندا. ئارەزووی سوبێکت بۆ نەمری، زاڵبوون، هارمۆنیەت و یەکانگیری و هتد، بوونی جۆرە جەوهەرێکی نەگۆڕ لە ئۆبێکتەکاندا دەکاتە پێشگریمانە. هەر لێرەشەوەیە کە نیچە لە جێیەکی تردا، قسە لە نەشیاوێتی و (مەحاڵبوون)ـی ئەپیستمۆلۆژیا دەکات. (لێرەدا نیچە لە هیگڵ نزیکدەبێتەوە لە سەرەتای فینۆمینۆلۆژیادا، ئەو کاتەی کە هیگڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئاگایی ناتوانێت ڕاستەوخۆ خۆی بکاتە بابەتی خۆی، بەڵکو هەمیشە پێویستمان بە ئاگاییەکی ترە بۆ ئەوەی ڕەخنە لە ئاگایی خۆمان بگرین. ئاگایی وەکو چەقۆیەک کە چۆن ناتوانێت دەسکەکەی خۆی ببڕێت، ئەمیش ناتوانێت ڕاستەوخۆ لە خۆی بکۆڵێتەوە. بە دیدی نیچە، ئەوەی ئێمە بە –واقیع-ـی دەزانین، جۆرە داهێنراوێکی هونەریی خودی خۆمانە، لە ئارەزووەی ئێمەوە سەرچاوە گرتووە بۆ بەهای بنیاتنان و کاتێک ئەم حەقیقەتە لە خۆمان دەشارینەوە ئیدی مەیلمان بۆ جۆرێک لە ئۆبێکتیڤیزم(بابەتگەرایی) دەڕوات(ئەوەی کە پێمان وایە واقیعێکی جیا و سەربەخۆ هەیە لە دەرەوەی ئێمە و خۆی بۆ خۆی کافییە. یان ئەو دابەشکارییەی کە لە لایەکەوە جیهانێکی هەستپێکراو و دەرکەوتوو هەیە و لەلایەکی تریشەوە جیهانێک کە خۆی و لە خۆیدا بوونی هەیە). هەر لەبەر ئەمەیە کە لە دیدی نیچەوە بەرگەگرتنی بێمانایی، پێوەری دەسەڵاتە. لێرەدا دەتوانین نیچە لەگەڵ لاکان بەراوردبکەین، لەو جێیەدا کە لاکان باس لە سوبێکتێک دەکات کە دەتوانێت لەوە تێبگات کە "ئەویتری گەورە" و پانتایی ماناداریش دواجار نایەکانگیر و ناهارمۆنیین.("ئەوی تری گەورە بوونی نیە"). هەروەها ناشتوانێت شوناس و مانایەکی جێگیر و پتەو و هەمیشەیی بۆ سوبێکتەکان دەستەبەربکات. دەتوانین بەرگەگرتنی ئەم بێمانایە بە دیوە پۆزەتیڤ یان چالاکەکەی نیهیلیزم بزانین .

نیچە تاڕادەیەک ئەو تێما و ناواخنانەی سەرەوەی لە وتارێکی زۆر گرنگدا دەربارەی حەقیقەت و درۆ بە مانا نائەخلاقییەکەی کۆکردۆتەوە. لێرەدا نیچە ئەوە پیشاندەدات کە حەقیقەت خۆی چۆنچۆنی دەسکردی خەیاڵ(فەنتازیا) و زمانە. حەقیقەت بەم مانایە بەستراوەتەوە بە پێویستی و داواکانی بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤەوە. هەڵبەت حەقیقەت لای نیچە لە دوو ئاستە دەخرێتەڕوو. نیچە ئەو حەقیقەتە بەتوندی ڕەتدەکاتەوە کە لە پانتایی ڕەمزیدا بۆی دەگەڕێین (وەک ئاماژە و ئیماژ و میتافۆر و میتۆنۆمی(مەجازی مرسل) و بەها و...، مەجازی مرسل بە مانا هەرە سادەکەی بریتییە لە جێگرتنەوەی وشەیەک لەجیاتیی وشەیەکی تر کە پێکڕا یەکتری بەرهەمدێننەوە، وەک ڕیزبوونی دالەکان لای لاکان، کە نمونەیەکی سادە بریتییە لە خستنەڕووی **بەش** لەجیاتیی **گشت**، بۆ

نمونە چارۆکە لەجیاتیی کەشتی یان دەست لەجیاتیی دەسەڵات. کە ئەم وشانە بۆ یەکتر دەبنە دال نەک مەدلول-و). بۆیە لەبەرامبەردا باس لە حەقیقەتێک دەکات کە (بە دەربڕینە لاکانییەکە) شوێنەکەی بریتییە لە ڕیاڵ، لە حەقیقەتێکی بێمانا.

نابێت ئەم فۆرمولەکردنەی حەقیقەت بەم جۆرە، وەک جۆرێک لە ڕێژەگەرایی سەیربکەین. دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە چەمکی ڕوانگەگەرایی لای نیچە، بە هیچ جۆرێک ئاماژە نیە بۆ ڕێژەگەرایی (واتە ئەو جۆرە تێڕوانینە باوە ڕۆژانەییە نیە کە "هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری واقیع دەکات" و گوایا هەرکەس سەلیقە و ڕوانگەی خۆی هەیە)، بەڵکو لەو شتە دەچێت کە ژیژەک بەدرێژی لە کتێبی View Parallax دا باسیدەکات، ڕوانگەگەراییەکەی نیچە گوزارشتە لە پەیوەندیی ئۆنتۆلۆژیی نێوان ڕوانگەی سوبێکت و چۆنیەتیی دەرکەوتنی ئۆبێکت، ئەوەی کە چۆنچۆنی نیگا و ڕوانگەی سوبێکت، شتێکی پوچەڵ و بێلایەنانە نیە کە دەستتێوەردانی نەبێت لە واقیعی ئۆبێکتیڤدا، بەڵکو لەبنەڕەتەوە ڕوانگەی سوبێکت چۆنیەتیی دەرکەوتنی ئۆبێکت دەردەخات. حەقیقەت، ڕیاڵی پەیوەستبووی هەر دیاردەیەک، لە هەناوی گۆڕانی ڕوانگەوە ڕوودەدات، کاتی سەیرکردنی ئۆبێکتێک، جۆرە گۆڕانێک لە ڕوانگە (شوێنی ڕوانین)دا ڕوودەدات، جۆرە گرژییەک لەنێوان چۆنیەتیی دەرکەوتنیدا سەرهەڵدەدات، بە دەربڕینێکی تر: جۆرێک لە نۆرە و شیفت و جێگۆڕکێی سوبێکتیڤ دەبێتە هۆی گۆڕانێکی ئۆنتۆلۆژی لە خودی ئۆبێکتدا و جیاوازیی لانیکەمی ئۆبێکت ئاشکرادەکات. دواجار و لە بنەڕەتدا، ئەوەی ئەم جیاوازییە کەم و درزە دەخاتە ئۆبێکتەوە، خودی ئەم واقیعەیە کە سوبێکت سەیری ئۆبێکت دەکات. نیگای سوبێکت لە شێوەی جۆرێک درز کەوتۆتە ئۆبێکتەوە و ئەوەی دەبێتە ڕێگر لە یەکخستنی ئۆبێکت و سوبێکتدا، هەر نیگای سوبێکت خۆیەتی کە بە جۆرێکی بابەتی و ئۆبێکتیڤ لە ئۆبێکتدا ئامادەیە.

گەر بۆ نمونە بگەڕێینەوە بۆ مارکسیزم و باسی قەیران و، نمونەی قەیرانی ئەم دواییەی سەرمایەداری لە ئەمریکا و ئەوروپا لەبەرچاوبگرین، ئەوا دەتوانین ئەوە ببینین کە چۆنچۆنی هەڵپەکردن و هەوڵدان بۆ پێشکەوتن و بزاوتن یەکسەر قەیرانی لێدەکەوێتەوە. سەیرکردنی ئەم دۆخە پێویستی بە درووستکردنی جۆرە درزێکە لە واقیعی بەڕووکەش یەکانگیر و بێگرفتی سەرمایەداریدا، ئەم درزتێخستنە بە نێوانگریی جۆرە گۆڕانێک لە ڕوانگەی هەلومەرجی سەرمایەداری خۆیدا ڕوودەدات، جۆرێک شیفت و نۆرە لە ڕوانگەی مەینستریت و واڵستریتدا، گرژییەک کە لەنێوان تەفسیرەکانی ئەم دووانەدا بۆ یەک دیاردە، بۆ قەیران، درووستدەبێت. ئەمە بەو مانایە نایەت کە لە دوو ڕوانگەوە بڕوانینە شتەکان، بەڵکو بەو مانایەیە کە بە درووستکردنی درزێک لە یەک ڕوانگەدا، بیکەینە دووان. ئەم درزە کە **یەک** دەکات بە **دووان**، هەمان جیاوازیی هەرە کەمە کە شتێک لە خۆی جیادەکاتەوە و دەبێتە ڕێگر لە یەکخستن و یەکگرتنەوەی تەواوی لەگەڵ خۆیدا.

(بۆ پشکنینی وردتری ئەم دوالیزمەی حەقیقەت لای نیچە و، ڕەخنەی ڕوانگەگەرایی، بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی زۆپانچیچ).
با ئێستاش بچینەوە بۆ لای بەناوبانگترین کتێبی نیچە، زەردەشت وای گوت. کتێبێک کە بە ستایلێکی mock-biblical نوسراوە، ستایلێک کە گاڵتەجاڕانە لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا مامەڵە دەکات. خودی ناونیشانی کتێبەکە، دەرخەری هەوڵە بۆ قسەکردن لە دۆخێکی نیهیلیستیدا، ئایا هێشتاش هەر دەرفەتی قسەکردن هەیە؟ ئایا هێشتاش هەر دەتوانرێت دۆکترین و بۆچوونێک بخرێتە ڕوو؟ ئایا لە سەردەمی پاشنیهیلیزمدا دەتوانرێت قسە لە بەها نوێیەکان بکرێت و بەهای نوێ دابهێنرێت؟ نیچە ئەم کتێبە بە کتێبێک دەزانێت کە "کتێبێکە بۆ هەموو کەسێک و هیچ کەسێکیش"، زەردەشت وای گوت لەلایەکەوە کتێبێکە بۆ هەموو کەس چونکە هەموان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەرگیری نیهیلیزمن و لەلایەکی تریشەوە کتێبێکە بۆ هیچ کەسێک چونکە هیچ ڕوون نیە ئایا هێشتاش دەرفەتی تێگەیشتن و قسەکردن بە شێوازێکی ئەرێنی هەیە یان نا. دیارە کە دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بەهاکان بە جۆرێکی پەیامبەرانە بوونی نیە، زەردەشت لەم کارەدا شکستدەخوات و ڕەوتی قسەکانی ناوەکی و ڕوو لە خۆی دەبنەوە و قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات. کتێبەکە بە جۆرێکی "بەلێگۆیانە" بەم دۆخە کۆتاییدێت، گەڕانەوەی هەمیشەیی، ئەوەی کە مرۆڤ دەبێت تا ئەبەد ئیرادەی ئەوە بکات کە ئیرادەی دەکات.
بۆچی لێرەدا قسەکردن هێندە بایەخی هەیە؟ دەبێت قسەکردن لێرەدا بە مانای درووستکردنی گوتارگەلی نوێ لەبەرچاو بگرین، قسەکردنێک لەودیوی نیهیلیزمەوە. لە قۆناغی یەکەمدا، بەو جۆرەی کە وتمان، زەردەشت لە شێوەی جۆرێک پەیامبەردا دەردەکەوێت، پەیامبەرێک کە خەڵک کۆدەکاتەوە و بیروباوەڕەکانی خۆیانی بۆ باسدەکات، بەڵام وادیارە کە ناتوانرێت بە فەرامۆشکردنی ڕابردوو و ئەو نەریتەشی کە هەبووە، باسی بیروباوەڕە نوێیەکان بکرێت. ئەو شتەی لێرەدا کێشە درووستدەکات، جیاکردنەوەی بوونە لە کات، لە ڕاستیدا دەبێت ڕێگە بۆ کاتمەندی و مێژوومەندی بکەینەوە بەرەو پانتایی بەهاکانمان. جۆرە بازدانێکی کیرکەگاردییانە بۆ تێپەڕاندنی ڕابردوو شتێکی لە توانابەدەرە و، ڕابردووش هەر ئامادەیە و، بە دەربڕینێکی تر: دەبێت ڕۆحیەتی بوغز و دوژمنایەتی سەبارەت بە ڕابردوو بخەینەلاوە و، تا ئەو جێیە بڕۆینە پێش کە چۆنیەتیی ڕابردوو وەک ویست و ئیرادەی خۆمان بزانین و بەم جۆرە دەتوانین لە قورسییەکەی ڕزگارمان بێت. ئەوەی لە گەڕانەوەی هەمیشەییدا دەگەڕێتەوە، بەپێچەوانەی تێڕوانینی هایدگەرەوە، شتێکی یەکسان نیە بە مانای تەواوی وشەکە. ئەوەی دەگەڕێتەوە خودی هەڵکەوتن و ڕوودانی پەتییە( contingency) و بەو جۆرەیە کە دەتوانین خۆمان لەگەڵ کاتدا بگونجێنین و ڕوودانەکەی قبوڵ بکەین. زاڵبوون بەسەر نیهیلیزمدا لەو شوێنەدایە کە ئەو چرکەساتە ڕووداو و تاقانەیە، ئەو بابەتە تایبەتەی ویست و ئیرادەمان، هەمیشەیی و نەمربکەین، ئەو چرکەیەی کە بۆ ئەبەدیەت

دەمانەوێت. لێرەدایە کە بێمانایی دەگاتە لوتکەی خۆی. هەر ئەم ڕووداوە ناوازە و ڕێکەوتە، هەر ئەم هەژاری و هیچێتییەی کە سوبێکت ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەبەدییانە و نەمرانە درووستدەبێت. زاڵبوون بەسەر نیهیلیزمدا، پێویستیی بە ویستی ئەبەدیی هەمان چرکەی تایبەت و هەمان مەسەلەی بەشەکییە (جزئی). دەتوانین ئەمە بە جۆرێک لە قومارکردن بزانین، جۆرێک لە زار هەڵدان.

بەڵام بەبێ زاڵبوون بەسەر بوغزدا، بە بێ زاڵبوون بەسەر ڕۆحیەتی تۆڵەسەندنەوەدا لە ڕابردوو، بەڵێوتنێکی لەم شێوەیە مەحاڵە. با ئێستاش بگەڕێینەوە بۆ تەمسیلێك لە خودی کتێبەکەدا، تەمسیلێك کە بە باشترین شێوە وێنەی ئەو هێلنج و بێزارییە دەکێشێت کە لە نیهیلیزمەوە سەرچاوەدەگرێت. وێنەی شوانێکی گەنج کە لە تەنیشتی ڕانەکەیەوە خەوتووە و مارێک خزیوەتە دەمییەوە. شوانەکە، ژیان و ژینی پاک و سەلامەتیی خۆی دەخاتەڕوو، لە بەرامبەریشدا مارەکە خۆی دەخزێنێتە ناو شوانەکە تاکو ژیانی لە ناوەوە بەتاڵبکاتەوە. زەردەشت، داوا لە شوانەکە ناکات تاکو مارەکە بکاتە دەرەوە، بەڵکو داوای لێ دەکات گاز لە سەری مارەکە بگرێت. دەبێت ئێمە چالاکانە ئەوە قبوڵبکەین کە بەهاکان و "حەقیقەتەکان"....هتد، تێکڕا بەرهەمی مێژوون.

دەبێت خاڵێکی تر دەربارەی کات باسبکەین. بینیمان کە داهێنانی بەها نوێیەکان لەڕێگەی فەرامۆشکردنی بەهاکانی ڕابردووەوە ئەستەمە، بەڵام ڕێگایەکی تر ئەوەیە کە لەجیاتیی بەلاوەنانی ڕابردوو، لە ڕێگەی جۆرە نۆستالیژیا و سونەتگەراییەکەوە دەستی لێ بوەشێنین، کارێک کە هەڵگری بوغزە دەرهەق بە ئایندە و ئێستا و، وەهمێکە دەرهەق بە ڕابردوویەکی لەدەستچوو، ڕابردوویەک کە ماهیەتەکەی هیچ نیە جگە لە لەدەستچوون و دەسنەکەوتنەوە. زەردەشت لە بەشێکی ئەم کتێبەدا، ڕووبەڕووی کەسێک دەبێتەوە کە بەخراپە باسی شار دەکات و بە "ڕاستگۆییە" لادێیەکەی خۆیەوە بێزاریی خۆی لە شار دەردەبڕێت و دژایەتیی دانیشتوانی شار دەکات. گەرچی ئەم کەسە پەنجە دەخاتە سەر هەندێک لە گرژی و پارادۆکسەکانی شار، بەڵام ئەو شوێنگەیەی کە ئەم شێتە قسەی لێوە دەکات، ڕاستیی ناواخنی قسەکانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەم هۆیەشەوەیە کە زەردەشت، سەرباری پشتڕاستکردنەوەی هەندێک لە ڕەخنەکانی ئەم کەسە، لەبەر شوێنگە بوغزاوییەکەی، بێزاریی خۆی دەرهەق بەم کەسە دەردەبڕێت.

بەم جۆرە، لە دۆخی ئێستاشدا، (بۆ نمونە) پەلاماردانی ڕۆژئاوا و ڕەخنە لێگرتنی، خۆی لە خۆیدا حەقیقەتی تیا نیە (گەرچی ناواخنەکەشی درووست بێت). ئەو شوێنگەیەی کە ڕەخنەی لێوە دەگیرێت، ناتوانرێت لە ناواخنی ڕەخنەکە جیابکرێتەوە.

خاڵی دەسپێکمان لێرە بە دوا، ئەو دوالیزمەیە کە پێشتر بە ناونیشانی نیهیلیزمی چالاک و ناچالاک خستمانەڕوو، دوالیزمی نەویستن و ویستنی هیچ، ئەم دوالیزمە چوارچێوە سەرەکییەکەی نیهیلیزم پێکدێنێت. نیهیلیزم وەکو تیۆرێکی کەلتوری هیچ نیە جگە لە

کەوتنە نێوان ئەم دوو جەمسەرەوە. بەڵام گەر ئەم دوالیزمە بە شێوەیەکی گشتیتر و فراوانتر لەبەرچاوبگرین (نەک بە تەنیا وەکو مەسەلەیەکی دەروونی و کەلتوری و زەینی) بەڵکو وەک بونیادێکی فۆرماڵ، ئەوا دەتوانین فۆرمە دەرکەوتووەکانی تریشی بدۆزینەوە لە کایە زۆر فراوانەکانی تریشدا. نیهیڵیزم لەم ڕووەوە، ستراکتۆری هەر سیستەمێکی بەهایی‌ش دیاریدەکات. بەو جۆرەی کە پیشانیدەدەین، لەبنەڕەتەوە خودی پانتایی ڕەمزی و واقیعی ئینسانییش ستراکتۆرێکی وەها دووانی و دوالیستانەی هەیە.

لە سەرەتاوە بە چەند نمونەیەک ئەم دوانەییە ڕووندەکەینەوە و دواتر باس لە ڕووە ستراکتۆری و فۆرماڵییەکەی دەکەین. کۆمەڵگەی چێژپەرست و هیدۆنیستیی هاوچەرخ، ئەم فۆرمۆڵە دوانەییە پیادە دەکات. گەر بمانەوێت تیایدا دوای ئەم فۆرمۆڵە بکەوین، ئەوا دەبێت هیدۆنیزمی (چێژپەرستی) هاوچەرخ بە پێچەوانەی هیدۆنیزمی کۆنەوە (هیدۆنیزمی ڕۆمی) وەک هیدۆنیزمێکی ئەخلاقی سەیربکەین. ئەمڕۆ سەروکارمان لەگەڵ زۆربوونی شێت‌ئاسایانەی گوتارگەلێکدایە کە لە کایە جیاوازەکانی (ژیانی شەخسی یان خێزانداری، کۆنکۆر، سەرکەوتن، سەلامەتیی دەروونی و جەستەیی و ...) بە پێشکەشکردنی ڕێنمایی ڕێکخستنی خود (self-regulation) دەیانەوێت شێوەیەکی هاوسەنگ و چێژبەخشی ژیان فۆرمولەبکەن. ئەم گوتارە هیدۆنیستیانە، بەڵێنی چێژێکی هاوسەنگ و ئەخلاقیت دەدەنێ لە چوارچێوەی ئەم فەرمان و ڕێنماییانەدا: "دەرس بخوێنن و چێژ لە دەرس خوێندنەکە وەربگرن!"، "لە کارەکەتان پارە دەربکەن و هەم چێژیش وەربگرن"، ڕێژیمە خۆراکییە چێژبەخش و خۆشەکان، کە سەلامەتیتان گەرەنتی دەکات."

بەم مانایە، ئەم هیدۆنیزمە سنورەکانی ئەخلاق تێناپەڕێنێت و بە هیچ شێوەیەک بە مانای تێپەڕین و سەرپێچی نیە لە سنور و هێڵکردە کۆمەڵایەتییەکان. کەواتە ئەم هیدۆنیزمە، نەک تەنیا لە ئەخلاق لانادات، بەڵکو لە سەر ئەخلاق ڕاوەستاوە. لەڕاستیدا بڕیار وایە ئەم فەرمانانە یارمەتیمان بدات تاکو بە بێ لادان و لاڕێگرتن چێژوەربگرین و تەنانەت چێژەکەشمان زیاتربکەین. بەڵام لە هەمان خاڵیشدا، ئەم ئەخلاقیبوونە پێویستی بە زیادەیەکە، پێویستی بە ڕوویەکی پەڕگیر و زیادتر هەیە لە کارنامە باوەکان تاکو بەردەوامی بە خۆی بدات، جۆرێک لە هۆگری و پڕجۆشوخرۆش، کە نیچە هەوڵدەدات لەڕێگەی چەمکی (ئایدیاڵی زوهد)ەوە تەفسیری بکات. ئەوەی کە ڕۆح دەبەخشێتە کارنامە وشک و بێڕۆحەکان، ئەو دیوە شاراوە و زیادەیەیە کە ناڕاستەوخۆ بەردەوامیدەدات بە پاراستنی ئەم هاوسەنگییە هیدۆنیستییە(چێژپەرستییەکی جڵەوکراو). ئەم کارنامە هێدۆنیستییە/ئەخلاقییانە(بۆنمونە، مادەی بێهۆشکەر)، پێویستیان بە جۆرێک لە بزوێنەرە. ئەو ژیانە ئارامەی کە لەسەر چێژ میقاتکراوە، دەرخەری چەمکی (پرەنسیپی چێژ)ـە لە دەروونشیکاری‌دا. پرەنسیپی چێژ لە دەروونشیکارییدا، هەمیشە بەهۆی جۆرێک سنوردانانەوە لەبەردەم چێژوەرگرتندا، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم تێپەڕین و دەرچوون لە سنوریکی دیاریکراو. بەڵام هاوکات پرەنسیپی چێژ جۆرێک لە سنور

دادەنێت بۆ درووستکردنی هاوسەنگی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و شاراوە ئاماژەیەک بۆ شکاندنی ئەم سنورانەش دەکات. لێرەدایە کە ڕووبەڕووی (ئەودیوی پرەنسیپی چێژ) دەبینەوە. لە دەروونشیکاری‌دا، ئەوەی لەودیوی پرەنسیپی چێژ و لەودیوی سنوری چێژەوە هەیە، پێی دەوترێت ژویسانس (Jouissance). چێژی زیادە، وەک جۆرێک زیادەڕۆیی و تێپەڕین لە سنورەکان، بەردەوامیدەدات بە پانتایی هاوسەنگی پرەنسیپی چێژ .